# تەختە



عیرفان ئەحمەد

**باڵندەیەك و درەختێك هاوڕێی دێرینی یەكتر بوون**
**درەختەكە بە لاملی شاخێكەوە تاك و تەنیا!**
**باڵندەكە گەرووی لێوان لێو لە خونچە، باخچە لە دەنوكی دەتكا.**
**هەمیشە گۆرانی دەووت**
**دەیوت.. دەمەوێ وەك هێلانە ئازاد بم.. نەك وەك قەفەس دیل.**
**دوو هاوڕێی فرە نازداربوون**
**مانگ تەماشای دەكردن**
**خۆر رەسمی دەگرتن!**
**كانییش جارجار ماچی تەڕی لێوەكانی بۆ ئەناردن..**
*******
**چەرخی زەمانەكە گۆڕا..**
**مشارێك هات باڵای بەرزی درەختەكەی كوت كوت كردو كردی بە مێز**
**داوێكی پیلان ئەڵقاوی.. راوی كردو مۆمیای كردو فرۆشتی**
**چەرخی زەمانەكە گۆڕا**
**لە دەمی ژنێكەوە بیسترابوو.. لە ڤێلای مێردەكەی ئەودا**
**مەلێكی مۆمیاكراو لەسەر مێزێ دانراوە**
**كە چاوی بە مانگ دەكەوێ.. كە خۆرەتاو رەسمی دەگرێ**
**دەچریكێنێ و باڵەكانی لەیەك دەدەن.**
**هەرچی بووكەشووشەو**
**كچ و كوڕی ناو شەكراو و**
**پەیكەری ئەو ژوورە هەیە بەیەكەوە سەمادەكەن!**